سەرۆك وەزیران پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی هێزی ئاسمانی عێراقی کرد

ئەمە چوارشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پیرۆزبایی لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی کرد بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی هێزی ئاسمانی عێراقی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا بڵاوکردووە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران"بەبۆنەی نەوەد و سەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی فەرماندەیی هێزی ئاسمانی، جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم کارمەندانی هێزی ئاسمانی دەکەم لە، فەکەوان، ئەندازیار، کەشتیوانی، تەکنیکار، ئەفسەر، پلەدار، و کارمەندانی هەموو پسپۆڕییەکان، کە نایابترین دەستکەوت و پاڵەوانتییان تەمارکردووە ".

هەروەها وتیشی قارەمانەتی و خوێنی پاکیان لەبیرە بە بەرگریکردن لە سەروەری و کەرامەتی عێراق، تابلۆی شەرەفمەندیان لە کتێبی مێژوودا تەمارکرد لە سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا، کە لە یادەوەری هەموو جیهاندا بە نەمری دەمێنێتەوە.